پەیامی خەڵک

* سەعات 15ی رۆژی 3-6-2006 لەشەقامی گوڵانی شاری هەولێر سەیارەیەکی تۆیۆتا پیکاب رەنگی سپی- هەولێر کە ژمارەکەی لەلام پارێزراوە، بێ ئەوەی سەیری سایدی بەرانبەر بکات لەپێچێکدا سوڕایەوەو هاتە سایدی ئەو دیو، ئەو شۆفێرەی لەسایدی ئەو دیوەوە دەهات، ئیستۆپی بۆ نەگیرا، بەناچارییەوە لەشۆستەکەیداو وەرگەڕا. شۆفێری سەرپێچیکەر کاتێ هەستی بە هەڵەی خۆی کرد، لەجیاتی بچێ فریای شۆفێرو کەسەکانی ناو سەیارە وەرگەڕاوەکە بکەوێ، بەخێرایی بەگی لێداو بۆی دەرچوو.

ل. جەمال

* رۆژانە سەعات 12:9 کاتی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵی پۆلەکانی سێی ناوەندیو شەشەمی ئامادەییە، کەچی لەو کاتەدا کارەبا نیە، ئەگەر کارەباش هەبێ ئامێری فێنککەرەوەمان نیە. ئایا لایەنی پەیوەنددار بیری لەو مەسەلەیە نەکردۆتەوە.

خوێندکارێکی پۆلی شەشەمی ئامادەیی

* بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی مەرجو رێنوێنیەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی شۆفێری هێندە سەخت کردووە، لانی کەم ساڵێك دەخایەنێ، بۆیە من پێشنیار بەو کەسانەوە دەکەم کە تەمەنیان 17 ساڵە، هەر لەئێستاوە دەست بە مامەڵە بکەن، تاوەکو لە 18 ساڵیەوە بە ئاواتی خۆیان بگەنو مۆڵەتی شۆفێری بخەنە باخەڵیانەوە.

ش.ع. سەعید

* نازانم بۆچی کەسێك لەو شۆفێرانەی هێڵی پاسەکان ناپرسێتەوە؟!، ئاخر ئەوان ئەوەندە خێرا لێدەخورن هەر دەڵێی بەرێگەی نێوان کەرکوك- بەغداد تێپەڕ دەبن. من کە سواری پاس دەبم هەزاران دوعاو نزا دەکەم کە بەبێ گرفت بگەمە بازاڕ یان بگەمەوە ماڵ.

فەرمان عەبدوڵڵا

بۆ لایەنی پەیوەنددار

دڵمـــان خۆشـــبوو، گوتمـــان سەرۆکی هەرێم بریاری داوە دەست بەسەر ڤێڵلای بەرپرسەکان دابگیرێ. ئەو هەواڵە ئەوەندە دڵخۆشکەربوو، خەریك بوو لەخۆشیاندا ئاهەنگی شادی بگێڕین. گوتمان ئیدی کەسی دیکە جورئەت ناکات دەست بەسەر زەوی دیـــتران دابگـــرێ. ئـــیتر مەسئولەکان واز لەزەوی وەزارەتی کشتوکاڵ دەهێننو زیدەڕۆیی ناکەن. پێمانوابوو ئیتر بەرپرسەکان عیبرەت وەردەگـــرن، بـــەڵام لـــەم رۆژانـــەدا بەچاوی خۆم دیتم لەنزیك گوندی براغ لەسەر رێگەی نێوان هەولێر- پیرمام چەند ئامێری گەورە جەرگی زەوییان هەڵدەدڕێو شوێنیان خۆش دەکرد، جا نازانم بۆ کۆمپانیای نوێیان بوو، یان باخو خانوویان دادەمەزران، من بینیم ئەو ئامێرانە بەبێ منەتی خۆڵەکانیان بەسەر درەختەکانی لێوار جادەکە شۆڕ دەکردەوە. باشە خۆ جەنابی سەرۆکی هەرێم لەو رێگەیەوە هاتوچۆ دەکات، قابیلە ئەو هەموو شتانە نەبینێ.

رێبوارێك

بەرگ درووەکان و گران درووینی جل و بەرگ

شاناز محەمەد

لەکوردستاندا ئازادیەکی بەرفراوان بەدی دەکرێ، لەهەموو بوارەکانی رۆشنبیریو زانست، پیشەسازی، بیناسازیو هەموو جۆرەکانی پیشەکەری. ئەمانە هەموو بوونەتە بوژاندنەوەی بازاڕو رۆربوونی خواستی خەڵك لەسەر کەلوپەل. هەروەها بازرگانی کردن لەناوەخۆو دەرەوەی هەرێمدا بەردەوامە. ئەمەش بۆتە هۆی هێنانی کەلوپەلێکی زۆر لەشارەکاندا، بەتایبەتی هاتنی کاڵای نوێو جلوبەرگی ئامادەکراوی جۆراوجۆر. رۆربەی بازاڕو دوکانەکانی رازاندۆتەوە. هەروەها هێنانی جلوبەرگی بیانی، رۆژ بەرۆژ مۆدێلی نوێو سەردەم دێنێتە بازاڕەوە. جگەلەوەی لەشارەکاندا کارگەی جلوبەرگی ئامادەکراو هەیە کە جۆرەها مۆدێلو درووینی جوانو نەخشی هەمەجۆری هەیە. بازاڕەکانیان دەوڵەمەندکردووە، نرخێکی هەرزانو گونجاوی بۆ دانراوە. لەگەڵ باش بوونی بژێویو گوزەرانی خەڵکیو بەرزبوونەوەی داهێنان لەلایەن وڵاتیانەوە، خواستێکی زۆر لەسەر کرینی کاڵاو جلوبەرگ هەیە، بەتایبەتی ئافرەتانو منداڵان، بەڵام هێشتا خواستی خەڵك، لەسەر ئەوەیە کە خۆیان مۆدێل بۆ خۆیان دیاری بکەنو ئازادبن لەرەنگو جۆری قوماشو شێوەکان، بدەنە درووین لەلایەن بەرگ درووەکان. بەپێچەوانەوە بەرگ درووەکان بەنرخێکی گرانو بەرز بۆ خواستیاران دەدرون. جگەلەوەی کە کاتێکی زۆری دەوێت هەتا تەواوی دەکەن، یاخود زۆرجار مشتەریەکان چەند جارێك دەچنەوە لای هێشتا تەواوی نەکردووە. کاتێ جلەکان تەواو دەبێتو دەدرووێت. نرخێکی خەیاڵی دادەنێن کە زۆر لەنرخی کڕینی قوماشەکە زیاترە. ئەمەش کە پیشەی بەرگ درووی کە پیشەیەکی بێ دەستمایەیە، تەنها مەکینەو مقەسو دەزوو دەور دەبینێتو لەکاردایە. جگە لەبیرو هۆشو هێزی بازووی بەرگ درووەکە. لەکاتێکدا هیچ بازرگانیەك نیە، یاخود هیچ دەست مایەیەك نەخراوەتە کارەوە، تاکو زەرەرمەندبن. لەجلوبەرگ درووینداً.

هەر بەمەبەستی گلەییو گازاندەی خەڵك لەبەرگ درووەکان پرسیارمان ئاراستەی چەند بەرگ درووەیەك کرد.

پرسیار: هۆی بەرزی نرخی درووین چیبە؟، بۆچی کاتێ قوماشتان بۆ دێنن، لەکاتی خۆیدا بۆیان تەواو ناکەن، بەڵکو دواتر تەواوی دەکەن؟ وەك یەك نرخ بۆ مشتەریەکان دادەنێن، وە ئەگەر قوماشی کەسێکتان سەقەت کرد چی لێدەکەن؟.

بەرگ درووی نیشتیمان: بەهۆی نرخو کرێی دوکانو ملکانەوە زیادیان کردووە لەسەر ئێمە، زیاتر لەشەش ئەوەندەی جاران کرێیان زیاد کردووە، هەروەها کرێی مۆوەلیدەش زۆر زیادی کردووە. ئێمەش ناچارین نرخی درووین زیاد بکەین. بەهۆی بێ کارەباییەوە زۆرجار بەڵێنەکانمان بەدرۆ دەردەچن. نرخەکان وەك یەك نین، زۆرجار مشتەریمان هەیە هەژارن. لەو کاتەدا یارمەتیان دەدەین، بەکەمتر بۆی دەدرووین. زۆر دەگمەنە قوماش سەقەت کردن، ئەگەر وابوو بێگومان بەزیادەوە بۆی دەبژێرم.

بەرگ درووی نازم: بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی شتومەك لەبازاڕدا، بەرزبوونەوەی نرخی کرێی دوکانو نرخی مۆوەلیدە کە 10 ئەوەندەی جاران کرێکانی زیادی کردووە. ئێمەش ناچارین نرخی درووینەکەمان زیاد بکەین. من بۆخۆم بێ وەعد نیم لەکاتی تەواوبوونی جلەکاندا، بەڵام ئەوانەی کە لەکاتی خۆیدا تەواوی ناکەن، لەوە دەچێ کارێکی تری هەبێت یاخود زۆربەیان دەوامی فەرمانگەکان دەکەن، کاتیان کەمترە. نرخەکان زۆرجار وەك یەك نین، هەیانە ئیشەکەی کاتی کەمتری دەوێت یان دەزانین کە هەژارن بەکەمتر جلەکانیان بۆ دەدرووین. بەدڵنیاییەوە یارمەتی هەموو مشتەریەکانم دەدەم. ئەگەر هەر قوماشێکم سەقەت کرد، بەدڵنیاییەوە بەزیادەوە بۆیان دەبژێرم، هەتا ئێستا هیچی وا رووی نەداوە.

زۆرجار گرانی بەرگ درووەکان، دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی و لێ نەپرسینەوەی حکومەت، لەسەر دوکاندارو پیشەوەرەکاندا. هەروەها کرێی دوکانو بەکارهێنانی مۆوەلیدەو کارەبا وادەکات کە نرخی درووینەکان بەرز دابنێن. جگەلەوەی زۆریان گوێ نادەنە چینی هەژار، هەر بەنرخی دەوڵەمەندەکان بۆ خەڵکانی هەژار دەدرون. زۆرجار ئەو قوماشەی کە دەبرێت بۆ لای بەرگ درو بەنرخێکی گران کڕاوە، کەچی ئەویش زیاد لەهەقی خۆی پارەی لێ دەستێنێ، دەڵێ قوماشەکەشت هەر بەگران کڕیووە. زۆربەی خەڵك دەڵێن کاتێك قوماش دەبەین بۆ لای بەرگ درو، نرخی درووینەکەی زیاترە لەنرخی قوماشەکە. هەروەها ئەگەر داوای مۆدێلێکی جوان بکەن، یاخود کەسەکە خۆی مۆدێلەکە دابنێ، بەهەمان شێوە نرخی درووین دزیاد دەکەنەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە زۆرجار بەرگ درووە پیاوەکان نرخەکانیان لەبەرگ درووە ژنەکان زۆر بەرزتر دادەنێن، دەڵێن گوایە ئێمە بەتواناترینو ئیشی ئێمە جوانترە. بۆیە زۆربەی ژنان جلوبەرگی دەرەوەیان دەبەن بۆ لای بەرگ درووی پیاوان، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرگ درووە ژنەکان زۆر ئاسانتر کار بۆ ژنان تەواو دەکەن، وەك پێوانەکردنی جلوبەرگیان، چونکە کاتێ پیاوان ئەو پێوانەیە دەکەن بۆ ژنان، شەرم دایاندەگرێو زۆرکات پێوانەکان بە هەڵە دەردەچن، جلوبەرگەکان جوان دەرناچن. لەوکاتەدا دەیکەنە هەڵەی بەرگ درووەکان. جگەلەوەی زۆربەی خەڵکیش گوێ نادەنە گرانی نرخەکان، دەڵێن گرنگ نیە، نرخ کەی موشکیلەیە، گرنگ ئەوەیە درووینەکە جوان بێت. زۆرکەس هەیە پارەی زیاتر دەدات، دەڵێ بەس قوماشەکەم خەسار نەکەی، جوان بۆم بدرووە. جگەلەوەی بەرگ درووەکان لەناو بازاڕدا نرخیان بەرزە، بەهۆی هۆکاری کرێی دوکانو مۆوەلیدەو، بەڵام بەرگ درووەکانی ناو کۆڵانەکانیش کە لەماڵەکاندان، نە کرێی دوکانو نە مۆوەلیدە دەدەن. بەهەمان شێوە نرخەکانیان بەرز کردۆتەوە. ئەگەر پێیان بڵێی بۆ بەگران دەیدرووین، دەڵێن لەبازاڕ گرانتر دەیدرووین بیبە بۆ لای ئەوان. وارێك دەکەوێت قوماشێك بەگران دەکڕێتو قوماشەکە خەسار دەکات. ئەگەر پێی بڵێیت بۆ وات لێکردووە. دەڵێت خۆت داوای ئەو جۆرەت کردووە. هەرگیز خۆیان بەدرۆ ناخەنەوە.

جگەلەوەی کاتێ پارچە قوماشێك دەبەن بۆ لای بەرگ درو، دەڵێ دوو مانگی تر سەرەت بەر دەکەوێت. زۆرجار ئەو کاتەی بۆت دادەنێت راست نیە، چەندین جاری تر دەچنەوە لای هێشتا تەواو نەبووە. کاتێ بۆت تەواو دەکەن وەرزی ئەو جۆرە قوماشە یاخود جۆری ئەو مۆدێلە بەسەرچووە. ئێستا خەڵکی وافێربوون، زستان قوماشی هاوین دەکڕنو دەیبەنە لای بەرگ درو، بەڵکو بۆ هاوین بۆیان تەواو بکەن، بەپێچەوانەوەشەوە.

هەر بەمەبەستی راپرسی لەنێوان خەڵکیدا، سەبارەت بەبەرگ درووەکان پرسیارمان ئاراستەی چەند وڵاتیەك کرد.

پرسیار: رات چییە بەرامبەر گران درووینی جلوبەرگ، لەلایەن بەرگ درووەکانەوە، کە چوویێتنە لایان، تا ئێستا بەڵێنی کاتی تەواوبوونی جلەکانیان پێ دابێتن، وە لەهەمان کاتدا کە چوویێتن تەواو نەبووبێت؟. وە تاچەند جلوبەرگەکانتان بەدڵی خۆتان بووە؟.

شادمان ئەحمەد: بەرگ درووەکان زۆر بەگران جلوبەرگ دەدرووەن بۆ خەڵك، هێشتا جلوبەرگی حازری کە لەبازاڕدا هەیە، هەرزانتر دەکەوێت لەسەرمان هەتاکو بەدرووین، چونکە قوماشەکەش هەر بەگران دەیکڕین. بەدڵنیاییەوە چەندین جار کاتی تەواوبوونیان بۆ دیاری کردووم و کە چوومەتەوە تەواو نەبووە، ووتیانە وەڵڵا هێشتا هەر دەستکاریشمان نەکردووە. وە زۆرجار جلوبەرگەکان بەدڵی خۆمان نادرووەن، کەموکوڕی تیا دەبێ، بەڵام زۆرجاریش جوان دەردەچێت.

پەیمان مستەفا: بەلای منەوە گرنگ گرانی نرخەکە نیە، گرنگ ئەوەیە کارەکەی جوان بێت، بەڵام زۆر لەخەڵکانیش هەژارن، دەبێت نرخەکان لەئاستێکی سەنگین دابن. زۆرجاریش نرخی درووینەکان لەنرخی قوماشەکە زۆر زیاترە. چەندجاری جلم بەدرووین دابێت، هێندەی پارەی جلەکانو درووینەکە خەفەت چووە بەدڵما، ئەوەندەیان مەوعیدی درۆ پێداوم بۆ تەواوبوونی جلەکانم. بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەو بەرگ درووە کە جلوبەرگم بۆ دەدرووێت جلەکانم بەدڵی خۆم بۆ نەدرووێت ئەو جلانەم ناوێتەوە.

لەکۆتاییدا پێویستە بڵێین، خۆزگە بەرگ درووەکان هەموویان نرخەکانیان لەیەك ئاست دابێت، نەبێتە گازاندەو گلەیی خەڵکی، خاوەن دووکانەکانیش رۆژ بەرۆژ کرێی دوکانەکان زیاد نەکەن. حکومەتیش بەچاوەکی بەزەییەوە مولکانە لەسەر خاوەن دوکانەکان دابنێ، کارەبای پێویست. نەك بۆ بەرگ درووەکان، بەڵکو بۆ هەموو خەڵکی کوردستان بە بەردەوامی دابین بکات. بۆ ئەوەی کێشەی وڵاتیانو پیشەوەران بەهاوکێشەیەکی سەنگین شیکار بکات.

بۆ بەرچاوی بەرپرسان

ژسوێد ژبەر زیندانکرنێ رەڤی .. لکوردستانێ بوو رائید..!!

فەراشین بەرواری

ئەوکەسێن کو بسالان خەباتو تێکۆشین کرین ژبۆ رزگاریا کوردو کوردستانێ، سەرێ وان ژ هەلگورد و مەتیناو ئاگری بلندتر ژبەر وێ شانازیو شەرەفا کو وان بوی ناڤێ مەزنو بلند ژبۆ خوە پەیداکرن. لێ گەلەك هەیفو مخابن لڤێ سەردەما دووڤەلانکیو شەکال ئالیستنو بێ هەلوێستیو پارەپەرەسێی، بەرە بەرە هەموو پیرۆزیو سەربلندیێن گەلێ مە هێدی هێدی تێنە رەشکرنو کرێتکرن. کەڤنە جاشو ئەنفالچی دبنە خەباتکەرو رێزێن پێشیێ یێن پرانیا جڤاتو جڤینا داگیر کرنەو چەپەر گوهۆڕ و بێهەلوێستو بەرژەوەندی پەرێس ژی دبنە رێڤەبەرو پسپۆرو بەرپرسو زمانخوەشێن ڤی سەردەمی. گەلەك مخابن کو خەلکێ خەباتکەرو خودان هەلوێستو زەلامێن رۆژێن رەشو گران ژی هاتینە ژبیرکرنو پشگوهڤە هاتینە ئاڤێتن.

یا ژتەڤا ژی خرابتر ئەوە کو ناڤێ مەزنو پیرۆزێ "پێشمەرگە"ی ئەو ناڤێ هندێ پیرۆزە کو دەمێ تێتە گۆتن چیا خوە بۆ دچەمینن، ئاها نوها بەرە بەرە ئەو ناڤ یێ تێتە رەشو کرێتکرن. نوها بدەها کەڤنە بەعسیو ئەنفالچی یێن بێ شەخسیەتو پارەپەرێس دبنە ئەفسەرو دکەڤنە ناڤ رێزێن پێشمەرگەی.

یەك ژڤان نموونان کەسەکێ کەڤنە جاشێ بێتۆرەو رەوشت نزم کو پشتی سەر هلدانا 1991 ژبەر نەڤیانا دەسەلاتا کوردستانێ رەڤی بوو هاتبوو ئەورۆپا/ سوێدو لوی وەلاتی ژی چ کارەکێ بێخێرو پیس نەما کو وی نەکری کو دیارکرنا وان بدەهان لاپەرە پێدڤن. کارێ وی یێ هەری دوماهی ژی ئەو بوو کو لباژێریا سوێد بهەڤپشکی لگەل کەسەکی تورکمانێ هەولێرێ جهەکێ (فرۆتنا سەکسی) ڤەکرو لوێرێ کەچێن سوێدی یێن 12-13 سالی بکارتینان وەك (سەکس فرۆش)و لەشفرۆش، بگۆتنەکا ئاشکەراتر گەوادی دکرن.

ئەڤ کەسە ژبەر ڤی کارێ خوە یێ کرێت ژئالیێ پۆلیسان ڤەهاتە گرتنو دەمەکێ درێژ ژی مەدیا وی باژێریو وێ دەڤەرێ لسەر دادگەها وی دئاخفتن. نوها ژی هێشتا گۆمانێن پۆلیسی لسەر وی مانەو ژبەر هندێ ژی ژبەر چاڤێن پۆلیسا رەڤیەو چوویە دهۆکێو زارۆکو مالا خوە ژی هێلایە لسوێد. دەمەکی درێژ بوو بێ راوەستان هەول ددا کو نامەیەکا پشتەڤانیێ (تەزکیە) ژ بەرپرسێ (پ.د.ك) یێ باژێرێ کو ئەو لێ دژیا وەرگرە داکو لدهۆکێ کارەکێ حکومەتێو پارچەیەکا ئەردی ژی وەرگرە، پشتی بکارینانا هەموو رێکا لگەل بەرپرسێ (پ.د.ك)و ژبەر بێ رەوشتیو دیرووکا خوە یا رەش نەشیا (تەزکیە) بدەستڤە بینە.

لێ ڤێ دوماهیێ شیا لکوردستانێ خوە بگەهینە کەسەکی نێزیکی بنەمالا رێزدارا بارزانیو بوێ رێکێ هاتە دامەزراندن ب پلەیا رائید وەك ئەفسەرێ پێشمەرگەی.!

بەردەوام ژی پەسنا خوە دکەو دبێژە: تێکەلیا من بتنێ لگەل بنەمالا بارزانی یە کەسەکێ دی نە...!!!

گازیا من ژی ژبۆ رێزداران سەرۆکێ کوردستانێو سەرۆکێ حکومەتا کوردستانێ ئەوە هایا وان ژڤان پێنگاڤێن نە درێدا هەبەو نەهێلن ناڤێ پیرۆزێ "پێشمەرگە" بڤان تۆڤ کەڤنە جاشو ئەنفالچیو بێتۆرا بێتە کرێتکرن.

سەرۆکێ کوردستانێ جارەکێ کەرمکرو د دەرهەقێ پێشمەرگەی دا گۆت: "گەلی پێشمەرگا ببلندیا ڤان چیاپێن کوردستانێ شەرەف لوە دبارە" ئەڤە رێزو بوهایەکێ مەزنە ئەو هێژا دده پێشمەرگەی. ڤێجا هیڤیا مە ژ وی رێزداری هەیە نەهێلە کەڤنە جاشو پارەپەرێس هەم ناڤێ پێشمەرگەیو هەم ناڤێ بنەمالا رێزدارو خەباتکەرا بارزانی کرێتو بێرێز بکەنو بۆ بەرژەوەندیێن خوە بێن نە ژهەری بکاربینن.

ferashin1976@hotmail.com